# 48000 کەمئەندام

# لە سنوری سلێمانی هەیە

## - راگەیاندنی وەزارەت:

سەرلەبەیانی ئەمرۆ 2007/4/18 بەڕێز د0شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نوسینگەی تایبەتی خۆیدا پێشوازی لە وەفدێکی مەڵبەندی گشتی یەکێتی کەمئەندامانی کوردستانی کرد کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان عومەر کەریم حەمەد لێپرسراوی گشتی و سامان حسێن سکرتێری یەکێتی یەکەو هەریەك لە بەناز بابا شێخ و ئەژین فوئاد و ئەندامانی ئەم رێکخراوە.....

لەسەرەتادا سەرۆکی رێکخراوەکە باسی لە ئامانجی دروستبوونی ئەم رێکخراوە کردو چالاکیەکانی لە رووی راهێنان و وەرزشی و هونەرەوە خستە روو....

ئەوەشی راگەیاند:

کە ئەم رێکخراوە لە 1996/6/16 دامەزراوەو لقی لە شارەکانی دیکەی کوردستان هەیەو تا ئێستا (48000) هەزار ئەندامی بەتەنها لە سنوری پارێزگای سلێمانی سەر ژمێرکردووە و بە نیازیشین لە ئایندەدا ئەگەر باری ماددی رێکخراوەکەیان بواری بۆ بڕەخسێ سەر ژمێری هەموو کوردستان بکەن000بۆ ئەم ژمارە زۆرەشی لە سنوری پاریزگای سلێمانی گوتی:

لەبەرەوەی رژێمی پێشوو مین-ێکی زۆری لە سنورەکە داناوە و رەنگە زۆر زوو کارەساتی مین تەقینەوە دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی بەشێکی لاشەی مرۆڤەکە..

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتی یارمەتیەکانی وەزارەتی بۆ کردنەوە و بەڵێنی پێدان بەپێی توانا هاوکاری ماددی و مەعنەویان بکات..

هەروەها پێی راگەیاندن:

لە رۆژانی 30-31/ی مانگی ئاداری ئەمساڵ لە کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ لە (ژنێف) بڕیارێکی تایبەت بە کەمئەندامان دەرچوو کە جێگەی خۆشحاڵی هەموو دونیا بوو و لە م رۆژەشدا ئاهەنگی بۆ گێڕدرا بۆیە وایپێباشبوو کە بەدای ئەم بڕیارە نێودەوڵەتیە بچن تاکو باری کەمئەندامان بەرەو باشتر بچێت..

هەرلەم دیمانەیەدا وەزیری مافی مرۆڤ بەوەفدی ناوبراوی راگەیاند کەزۆری پێباشە رێکخراوەکانی ئێوەش وەکو حکومەت یەکبگرنەوە،چونکە لەوکاتانەدا دبنە یەك دەنگ و زیاتر دەزگا پەیوەندیدارەکان گوێتان لێدەگرێ.

لە کۆتایشدا وەفدی میوان خۆشحاڵ بوون بە راسپاردەکەی وەزیری مافی مرۆڤ و بە لێنیاندا کە کار بۆ ئەم مەسەلەیە بکەن.